# گوڵەکانی ئاسمان

**نەریمان مۆریاسی**

لە ئاسمانەوە کلو کلو دەبارین، لە باران بە خوڕترو لە بەفر شەرمنتر، دەستم دەگوشین‌و پرچە ژەهراوییەکانیانم بۆن دەکرد، ئەوان لەسەردەمێکی ونەوە دەهاتن دەمێکە چاوەنواڕیان بووین، لە سووچی هەموو کۆڵانێك‌و لە بانیژەی خانووە خرپنەکانی گوندەوەو لەناو ویستگەی ئەو شەمەندەفەرانەی بە بیابانەکاندا دەڕۆیشتن‌و لە دوایەمین رکعاتی هەموو نوێژێکماندا و لە دوای بانگی شێوانەوە چاوەڕێیان بووین، ئەوان لە ئاسمانەوە دەبارین، کراسەکانیان، جلەکانیان کلاّوو جامانەکانیان، بەرگەشاڵەکانیان، قۆنەرە لاستیکەکانیان، نەعلە پەمەییەکانیان، سوخمەو کەوا پوولەکەییەکانیان دەبارین، کۆرپەی سێ ساڵان‌و کیژی چواردە ساڵان‌و ژنی گۆشتنی (٣٥) ساڵان‌و کوڕی ناوچەوان شەق کراو دەبارین، کیژۆرەی قەیرەی بێ ژێرکراس دەباری، پیرەژنی بێ دەرپێ دەبارین، بە چاوی خۆم بینیمن لە پشتی ئەو بیابانە چاوبەخومارەوە دەبارین، بەلاّم کەس بڕوای پێنەکردم، بڕوایان بە بەردو خۆڵی شەخسەپیرەکان دەکرد، کەچی دەیانوت ( (ئێمە چاوەڕێین، ئەوان بێنەوە، بەلاّم لە ئاسمانەوە، نا) ) ، ئەو بەیانییە خەڵکێکی زۆری شارەکە بۆ دواجار دەیانویست بگەنە مزگەوتەکە تا لە بومەلەرزە مەحفوزبن، چوار کەس داری قەنارەکانیان دادەنا، سبەینێ هەرسێکیان بە دارا دەکرێن، گوێم لێی بوو دەیوت ( (بریا خۆم تەسلیم نەکردایە) ) بەلاّم ئەو خوێنێکی گەشی لێوە دەچۆڕا، پۆلیسی ترافیك بە پەنجە چلّمی دەردەهێنا ئەو کاتەی هەشت ئۆتۆمبیل لەیەك کاتدا پێکیاندادا هەر چەند گەڕا بۆ فیقەنەکەی، بۆی نەدۆزرایەوە ناچار پەنجەکانی خستە دەمیەوەو کەوتە فیکەلێدان، هێندەی لێدا تەواوی کۆترەکانی سەر گومەزی مزگەوتەکەی هەڵفڕاند، شەپقەکەی دابەزەوییەکەداو هیچی لەبەر خۆیدا نەهێلاّ، تا، لەترسی مانگەشەو توند توند دەستی دایکمم گرتبوو، مانگەشەو دەهاتە ژێر بەتانیەکەشمەوە ئەو رۆژەش کە بۆ دواجار لەگەڵ دایکمدا چووین، تەماشای لاشە هەڵواسراوەکانمان کرد توند دەستی دایکمم گرتبوو، لە پشتەوە قژیان لوول‌و بە لای راست‌و بەلای چەپدا ملیان لاربوبۆوە، سبەینێ کە خەڵکی شارەکە لە خەو هەستان لەگەڵ سەبای سالّحاندا بینیان تەنیا دوان لە تەرمەکان ماونەتەوەو بەفرێکی سووریش باریوە، من هەر دەمویست بچمە پێشەوە تا دەمو چاویان ببینم، پالّم بە خەڵکەکەوە دەنا تا چوومە بەردەمی تەرمەکان بینیم هەر خۆمن بە هێواشی ئاوڕم لە حەشامەتەکە دایەوە، وتم ئەوانە لەمن دەچن، ئەوان هەندێکیان دەگریان هەیانبوو پێدەکەنین، هەیانبوو بە دووچاوی کوێرەوە دوو سەعات بوو، هەڵدەبەزینەوەو دەیانقیژاند، خەڵکی شارەکە نەیاندەوێرا لە ماڵ‌و حالّی خۆیاندا بخەون، هەموویان لەسەر شەقام‌و کۆلاّندا جێگەیان راخستبوو، لەناو ئۆتۆمبێلەکانیاندا دەنووستن، لە دوایین راپۆرتی هەوالّەکاندا بێژەرەکە وتی: ( (بە گوێرەی پێوەری ریختەر گوڕی بومەلەرزەکە پێنج پلە بووەو پێشبینی دەکرێت سەعات دەونیوی سبەینێ بومەلەرزەیەکی بە گوڕتر رووبداتەوە) ) دەمودەست لە شارەکەدا دەنگی دەف‌و ئەلّلاّوو ئەکبەر بەرزبۆوە، دەیانوت بچنە مزگەوتی گەورەی شارەوە با مەحفوزبن، خەڵکێکی زۆر لەرزیان لێهات، چۆن بچنە مزگەوتەوە ئەوان لە تەمەنیاندا سەریان بە مالّی خوادا نەکردووە، مام خەلیفە دەیوت ئەو مزگەوتە پان‌و پۆڕانە هەر بۆ رۆژێکی وا باشن، ئەگەر بومەلەرزە رووبدات، هەرچی جنۆکەو شەیتانی چاو زەق هەنە لەژێر زەوییەکەوە دێنە دەرێ، خەڵکانی دیکە دەیانوت بومەلەرزە قەبارەی کانزاو یۆرانیۆم‌و ئاسن‌و نەوت زۆرتر دەکات‌و ئابووری نیشتمانیمان گەشە پێدەدات، هەموومان خزاینە ئەو مزگەوتەوە کە منارەکانی لە ناو هەوردا بوون‌و گومەزکانی لە ژوورەوە بە زێڕێکی هەشتا عەیارە رووپۆش کرابوو، ئایەتەکانی خوای لەسەر هەڵکەندرابوو، ژوورو هۆڵەکانی بە فەرشی تەورێزی گرانبەهاو قەد پالّی بە حەوت سەد پایە راگیرابوو بە نەخشی فارسی‌و تورکی‌و ئەندەلووسی‌و چینی‌و ماچینی رازێنرابۆوە، مەلایەك دەیوت ئەم مزگەوتە هێندەی نیوەی مانگ دەبێ، پاشماوەی رۆژانێکە ئەرزو ئاسمان پڕ نووری خوا بوون، ئەگەر لە مانگەوە لەم مزگەوتە بڕوانی خەرمانەیەکی جوانتر لەوەی مانگ دەوری داوە، هەموومان چووین، بەلاّم بە پێچەوانەی نیوەڕوانانی جومعەوە کەسمان دەست نوێژمان نەبوو، کەسیش لە دەرگاوە نەدەچووە ژوورەوە، مجەورەکە دەرگاکەی گرتبوو، دایك، مندالّی خۆی لەو بەر مزگەوتەوە جێ دەهێشت، باش بوو من دایکم جێی نەهێشتم، توند دەستیم گرتبوو، مجەورەکە هاواری دەکرد: تکایە قاچتان بشۆن، کوڕە قۆنەرەکانت داکەنە، ئەو جلوبەرگەت بۆ هێندە پیسە، بەلێشاو دەچووینە ژوورەوە بە قۆنەرە قوڕاوییەکانمانەوە بەسەر فەرش‌و کومبارە گرانبەهاکاندا دەگەڕاین وەك ئەو سپێدە پیرانەش پوختە و بێ گوناە نەمابووینەوە کە بە هەڵە داوان و بە دەست‌و قاچ‌و قنی تەڕەوە رامان دەکرد تا نوێژی بەیانیمان لە دەست نەچێ، جارێکی دیکە تێکەڵیان کردینەوە ئەمە یەکەم جارمان نییەو دوایەمین جاریشمان نابێ کە تێکەڵمان دەکەنەوەو لێکمان جودادەکەنەوە، ژن‌و پیاو کچ‌و کوڕو پیرو گەنج تێکەڵ بووینەوە، ژنێك لە کوڕێك توڕەبوو، هاواری دەکردو دەیوت ( (دەستی بۆ بردووم) ) پیاوێکی پیر تێنەدەگەیشت دەیوت ( (چی لێ کردوویت) ) ژنەکە دەیوت (

www.kurdistannet.org
4-6-2003 2:18

(دەیەوێت مەمکم بگرێ) ) پیرەکە وتی ( ( کاتی ئێمە شتی وا نەبوو) ) ، دەنگی سوبحانەڵڵاو ئەڵڵاوئەکبەر لە هەموو لایەکەوە دەهات لەو کاتەدابوو مجەورەکە دەیویست بانگ بدات فەقیرە لێی غەڵەت بوو. . حەی عەلەل نەجات، هەی عەلەل نەجات) ) ماموٚستایەکی زمانی عەرەبی ژنەکەی ناوی نەجات بوو لێی توڕەبوو هێی زەلام نەجاتو فەلاح فەرقیان زۆرە بانگی نیوەڕوانی دەدا، بەڵام دیسان کەس نوێژی نەدەکرد لەبەر شاڵاوو تێکچڕژانی خەڵکەکە مینبەری مزگەوتەکە رما بانگەکەی تەواو نەکردبوو کەوتە خوارەوە، کەوتە سەرشانی خەڵکەکە نەدەکەوتە ئەرد ناچار فڕی بەناو مزگەوتەکەدا بەسەرسەری خەڵکەکەوە دەفڕیو دەهاتو دەچوو نیوەشەوێکی درەنگ نیشتەوە، یەکەم جار بوو لە مێژوودا لەناو مزگەوتێکی گەورەو گراندا خەڵك ئاوا بە دەنگی بەرز پێبکەنن بە یەکجار قاقا لێبدەن.

مەلا دەیوت ( (ئێرە ئەمینترین شوێنی ئەم شارە نەعلەتییەیە کە کچەکانی قژیان دەکەنە تەماتە) ) ئەو شارە بە دووشت بەناوبانگ بوو یەکەم بە سواڵکەر دووەم بە مزگەوتی گەورەو پایە زلو منارە درێژ، دوو دەوڵەمەندی شارەکە لەسەر دروست کردنی مزگەوت هەمووساڵێك شەڕێکی گەورەیان دەکرد کلکی کەری تێدا دەپچڕا خوێنی تێدادەڕژا، ئەگەر یەکێکیان دوو منارەو گومەزێکی بکردایە، ئەویدیکەیان سێ منارەو چوار گومەزی ئاڵتوونی دەکرد، ژمارەی خەڵکی شارەکە پەنجا هەزار کەس بوون، ئەوان مزگەوتیان دروست دەکرد شوێنی ملیۆنێك نوێژکەری تێدا دەبۆوە، دوای عەسر دەستم لە دەستی دایکمدا نەمابۆوە، دەمویست بزانم دەستم قاچم سکم لە کوێوەن، دەمویست گونی خۆم بگرم بزانم نە ئاوساون، لەو بەرمەوە کابرایەك تەنیا یەك لاقی پێوە مابوو، بۆ دواجار مام خەلیفەم بینی ماڵەو ماڵ دەگەڕا، هاواری دەکرد ( (راکەن خۆتان نەجات بدەن بومەلەرزە هات) ) شمشێرەکەی لە پشتی کردبوو بەیداخێکی سەوزی بەرز کردبۆوە دەیوت شەرەفتان بدەنە دەستی من، من پێم دەوت مام خەلیفە لەکاتی بومەلەرزەدا دەشتو دەر باشە، ئەو شمشێرەکەی لێ هەڵسووڕاندم ( (بەر نەعلەتی خوابکەوی کوڕە زووکە دەست بە پایەی ماڵی خوا بگرن، خۆت لە ئاودەستی مزگەوتەکە هەڵکێشە) ) مزگەوتێ بوو مەنزڵگەی چواردە پیاو چاكو مەشایەخ بوو، ئەو پاش نیوەڕۆیە ئاڵتوون دەباری، ئایەتەکانی خوا بە ئاڵتوون نووسرابوون، قیژەی منداڵەکان گوێچەکەی ئامر دەبابەکەی کەڕ دەکرد، لە پێشا ژنو پیاو کچو کوڕ تێکەڵ بووین، دواتر جیاکراینەوە، کەس کەسی نەدییەوە پایە گەورەکانی مزگەوتەکە بە هێواشی بەلادا هاتنو کەوتن بەسەرماندا، ئێمەیان پلیشانەوە گومەزەکان بە خۆیان و بە ئاڵتوونو ئایەتە نووسراوەکانی سەریانەوە ئێمەیان داپۆشی، کومبارە تەورێزیو نەخشە ئەندەلووسیەکان کەوتنە ژێر دارو پەردووی مزگەوتەکەوە ئێستاش هەروا دەزانم شەرە هاوەنی ئەو نیوەڕۆ خۆڵەمێشییەیە کە ئاسمان دەگریا، مجەورەکە بۆ مەلا دەگەڕا شمشێرەکەی خەلیفەی دۆزییەوە بینیی خوێنێکی سووری لێ دەتکێ، کەس نەیدەزانی ئەوە خوێنی خەلیفەیە یا خود خوێنی ئەو کچە چواردە ساڵانەیە کە هەر بە پاکیزەییەوە سەریان بڕین، ئەفسەرەکە پاڵێکی بەمەلای داماوەوە ناو خستی بە پشتا مەلا هەستایەوەو قورئانەکەی ماچ کردو خستییە سەرسەری و پێی وت ( (وێرانی مەکە ئەوە ماڵی خوایە) ) ئەویش وتی ( (من ئەمری سەرەوەم پێیە دەبێ جێبەجێی بکەم) ) ئەو عەسرە وەك ئێستا نەبوو پاش بومەلەرزەکە مزگەوتەکەش خامۆش بوو نە قیژەی منداڵ نە هاواری ئافرەتەکان نە تکاو رەجای مجەور خامۆش تر لە ئێوارانی هەینی تەواوی خەڵکی ئەو شارە بوون بە ژێر سەقفی گومەزەکانەوە کە خشتەکانی یەك یەك بە ئایەت رازێنرابووەنەوە، تا سپێدە دارو پەردوو دەباری، کە ئایەتەکان دەهاتنە خوارەوە موچڕکیان بە لەشدا دەهێنا تەنیا بلندگۆ فافۆنەکە باش دەناسرایەوە، پەشیمان بووین، ئەوان وتبوویان مەحفوز دەبن، یەکەم شەوی ناو مزگەوتەکەم بیر کەوتەوە نیوەی شەو بێدار بوومەوە، هەستم کرد ژێرم تەڕە، تەواوی مزگەوتەکە ژێر ئاو کەوتبوو ئاویان کردبووە ژێرمان، پارچەیەك ئاڵتوون لە رانم چەقی بوو، دەمویست بزانم دەستم لە دەستی دایکمدایە، هەر چەنم کرد هەستم بە خۆم نەدەکرد، من دایکمو ئەو کچەی دراوسێمان کە دەمێك بوو خۆشم دەویست لەسەر گردێکی لماویدا دەمبینین لە کەناری دەریایەکدا بوون ئەوسا وتم بلێی ئەوان رزگاریان بووبێ‌و فێڵیان لە من کردبێ.

زانیم خەلیفە بۆچی تەلقینی دادەداین، دەیزانی هەموومان دەمرین، دەیوت ( (خەمتان نەبێ هەمووتان شەهیدن، نەمرن) ) منیش دەموت ( (دایە ئەوەشی بە بوومەلەرزە بمرێ هەر شەهیدە) ) وتی ( (رۆڵە نامرین) ) ، پایەیەکی چیمەنتۆ بەسەر پشتی ئافرەتێکدا کەوتبوو، گوێم لێبوو یەکێ دەیوت ( (قەیناکە بۆ ئیمانی باشە) ) ، هەر چەند برینداربوونەکانیشیان قورس بوو، بەڵام دەمبینی خەلکێکی زۆر دەستیان بە دزینی ئاڵتوونە باریوەکە کردبوو دەیانخستە گیرفانیانەوە، زۆریان دەیانشاردەوە، پیاوێکی سەرسپی بە ئافرەتێکی وت ( (کەس نەما هیچ نەما لە کێی دەشاریتەوە، خەمت نەبێت یەکێ نەماوە بتوانێ لە یەکێکی دیکە بپرسێتەوە، چەن دەدزی بیدزە) ) مجەورەکە بە برینداریشەوە هەر هاواری دەکرد ( (ئەوە چۆن دەوێرن بیدزن ئەو ئاڵتوونانە ئایەتەکانی خواوەندی لەسەر نەخش کراوە) ) موچڕکێکم پێداهات، بینیم ئەو پارچە ئاڵتوونەی لەرانم چەقیبوو کاتێ‌خوێندمەوە لەسەری‌نووسرابوو ( (یسالونك عن

www.kurdistannet.org
4-6-2003 2:18

ال. . . لێرەوە خشتە بەئاڵتوون رووپۆش کراوەکە لەکاتیکەوتنە خوارەوەدا شکابوو تا. . . فال قل للهوالرسول فاتقوا الله. . .) ) ئەوپارچەیەی بەرمن کەوت هەر هێندە بوو، هەر چەندە ئاڵتوونەکە لەگەڵ گەچو چیمەنتۆو وردە شووشەو ماربلێکسەکەدا تێکەڵ ببوو، بەڵام جیا کردنەوەی زۆر گران نەبوو، مجەورەکە خوێن لەسەرییەوە دەهات پاش پێنج رۆژ گەڕانو پشکنین توانی تەنیا مێزەری مەلا بدۆزێتەوە کە رەنگی لە سورەوە ببووە زەیتونی، خەلیفە دەمی خوار ببوو شاخێکی تیژ لە ناوەڕاستی سەریدا رووابوو، خەڵکی دەیانوت ( (خوا بەنەعلەتی کردووە) ) دواجار زانیم پارچەیەك ئاڵتوونی تیژ بە سەریدا چەقیبو، لە ناکاو دایکم و دەریاکەم دۆزییەوە لەسەر گردە لماوییەکەوە تەماشام دەکردن، دەمبینی ئەو کچە جوانەی راوەدنا کە جاران چەندیین جار لەسەربانی ماڵی خۆمان ماچم کردبوو، چەندین جار تفی لێکردبووم، دەستم بۆ سنگی بردبوو، بەدرێژای دەریاکە دوای کەوتبوو، وازی لێنەدەهێنا تا خستی، سوارسکی بوو گەوزانی هەستانەوەو دەستیان بە راکردن کردەوە دەریایەکی چۆڵو تاکە دارێکی پەمەیی‌و لمێکی زۆر بە دەوریاندا دەخولانەوە، دایکم وتی ( (ئەو دارە دەناسیتەوە) ) وتم نەخێر. . وتی ( (ئەوە دارەتووەکەی حەوشەی خۆمانە) ) وتم ( (بۆ وا گەرِ بووە، باشە کوا باوکم) ) وتی، ( (کەی باوکت هەبووە) ) وتم ( (من باوکی خۆمم نەدیوە هەر بۆیە گومان لە گەردوون دەکەم) ) خۆم لە بیابانەکاندا ون دەکەم، دەچم لەناو بەردەکاندا خەو بە میهرەبانییەوە دەبینم، لەناکاو دایکم هاواری لێهەستا و کەوت بە پشتدا بزماری تاکە قۆنەرەیەك سەری کون کرد، وتم ( (ئەوە ماڵی دراوسێکەمان، ئەوەیان تێکرتین؟) ) ، وتی. . ( (جا بۆ هیچ دراوسێیەکمان هەیە) ) ، یەکەم جار بوو خوێنی دایکم ببینیم، لەرزم لێهات، جوتێك نەعلی ژنانە کەوتنە خوارەوە، دایکم بووە فوارەیەکی جوان، خوێن فیچقەی دەکرد، کاتێ ئاورِم دایەوە بێشکەیەکی منداڵی ساوا تازە خەریك بوو دەهاتە خوارەوە، بلوێرێك بە دوایدا هات، وتم ( (دایکە چیین دەبارێن) ) ، بە دەنگێکی زۆر ترساوەوە بە ئەسپایی پێیی وتم ( (گوڵ دەبارێت) ) ، کورِ دەبارێ کچ دەباری ژنی حەفتا ساڵ دەباری بوخچەی نەکراوە دەباری نانی رەقو ساوەرو دیزەو دەرخۆنە دەباری گا دەباری جام دەباری قەلو کەڵەباب دەبارین، ویستم کچە جوانەکەی لەگەڵماندا بوو ماچ بکەم، نەمزانی دایکم سەیرمان دەکات، ژێر کراسێکی ژنانە باری ژنێکی (٢٧) ساڵانە باری کراسیان لەبەردا نەهێشتبوو دایکم لەسەر لمەکە ئەمدیوو ئەو دیوی دەکرد هاواری کرد ( (دەرپێشی لەبەر دانییە) ) هەرسێکمان هەڵتروشاین دەستمان بەرزکردەوە، ئاسمانان نەدی، ئەستێرەمان نەدەدی لمێکی سوورو تەلی درِکاوی و دەریایەکی دوورمان دەدی، ( (ئەم ژنە سیکشی پرە، بچۆ چەقۆکەی موبەقم بۆ بێنە) ) کچی چواردە ساڵان دەبارین، نەدەبوون نە بیستونە سەدو نە هەزاران بوون وەك باران وەك بەفر، لای نیوەرِۆ نامەکانیان دەبارین خەونی رووتو قووت دەبارین، دایکم نامەیەکی کردەوە ( (بۆردومانێکی زۆرمان لەسەرە، ئێرە دەڵێی رۆژی حەشرە، کەس بە هانامانەوە نایەت، خۆم و دوومەرِو گایەکین، سەربازەکان لێمان نزیك دەبنەوە. . .) ) لە خوێندنەوەی ئەو نامەیەیان نەبۆوە یەکێکی دی باری ( (هەرچەندە من نەبراوم، بەڵام چاووم لێیە، ئافرەتە گەنجەکان سواری زیلی عەسکەری دەکەن تەواوی گەنجەکانیشیان لە مزگەوتەکەدا کۆ کردۆتەوە. . ە. . نازانم. . . بۆ خاتری خوا فریامان کەون. .) ) ئەو نامەیشی تەواو نەکرد نامەکان بە رێژنە دەبارین، یەك، دوو، سەد، هەزار، سەدهەزار، سەدوحەفتا. . . . هەزار، باران بوو، بەفر بوو، تەرزە بوو، سووروشینو پەمەیی، ئەرخەوانی، نارنجی، دەبارین هیچیان لەوی دیکەیان نەدەکەوتن، هێشتا مام خەلیفە خەڵکی هان دەدا شمشێرەکەی هەڵدەسورِاند راکەن بیگەنێ، لە دەستتان دەچێ، پەشیمان دەبنەوە، دەسووتێن، ئەوان بە هێواشی لەبەر چاوی ئێمەی ترساوەوە دەبارینە سەر لمەکە، چووینە ژوورەوە، گوێم لە دەنگی دەفە دەف، شیرِەی شمشێر وەك بارانەکە دێتە گوێم، دووکەڵی دەبابەکان پەپوولەیان بە ئاسمانەوە نەهێشتبۆوە کوللەشیان قرِکربوو، نەك هەر کولله! مریشکیش نەك هەر قەل و گوێرەکەش ئەسپەکان فێرە رِۆیشتنی چیا نیین، حوشترەکان مەستنو چاویان بەکل رشتبوو، جارجار چاویشیان لەیەك دادەگرت سوارەکان دەیانگووت ( (حەی عەلەلفەلاح_ حەی عەلەل فەلاح) ) ، ئەسپەکان دەمیان چەورە جارجار یەکێکیان دەرِشایەوە، چاوم لێیە لە یەکدی تێناگەن، زۆر هەوڵی لەگەڵدا، بەزۆرنەبوو شمشێرێکی لە ملی دا، کچەکەشی خستە کەژاوەیەکەوە، نیوەرِۆ بوو، هەر سێکمان لەرزمان لێهات چووینە ژوورەوە، لە پشتی پەنجەرەیەکی نیوەکراوەی ژووری نووستنەوە تەماشای بارانە رەنگاو رەنگەکەمان دەکرد تا چاو لێی دیاربوو نامەو لاشەی خەڵك بوو، بۆچی دەبارین!؟.

بانامەیەك بکەینەوە، دایکم ئازابوو قژی بەردابۆوە دەستی برد بەبێ لەرزین نامەیەکی هەڵگرتو کردییەوە وتم (بەڵکو لە باوکمەوە بێت) ) وتی ( (من دەزانم هی باوکت نییە) ) ، ئەفسەرەکە پەنجەی بە دوگمەیەکی سوردا نا، مزگەوتەکەی تەقاندەوە پیرەمێردێك وتی ( (باشە لەمەودا لە کوێ رکعاتە نوێژێك بکەین) ) ئەمەی وتوو بوورایەوە. دایکم نامەکەی درِاند خستییە ناو ئاگرەکەوە، وتی هەستە ئەو ئاگرە خامۆش بکە با نەمان بینن، چیدی ئاگر نەکەنەوە پێم وت ( (ئەی ئەگەر نەورۆزهاتەوە) ) ، وتی ( (چیدی نەورۆز نایەتەوە، نەورۆز بووبە

www.kurdistannet.org
4-6-2003 2:18

ژێر دارو پەردووی ئاسمانەوە) ) ، هەموو شەوێك باپیرە لە چیاكەوە دەهاتەوە خوارەوە، دایكم دەیوت ( (ئەوە باپیرەتە) ) باوكی باوكتە، بەڵام تۆ باوكت ونە) ) دەیانوت دووهەزار جار زیاتر لەو چیایەوە باپیرەم خۆی هەڵداوەتە خوارەوە هەموو جارێك چاك بۆتەوەو بە چیاكەدا هەڵگەڕاوەتەوە لەوێ ئاگرێكی كردۆتەوە بۆ ئەوەی خەڵك بزانن كەماوە هەموو جارێكیش بەر لەوەی خۆی فڕێ بدات وتوویەتی ( (هامگرە بە كەرامەتی تۆوەهاتم) ) تا ئەمرۆش باپیرم بێ ئەوەی پرسمان پێبكات دیواری ژووری نوستنەكەمان قلێش دەكاتو دێتەوەو ئێمەش دەبێ تەلەفزیۆنەكەمان بكوژێنینەوە چیدی سەتەلایت بەكار نەهێنین، ئەو پێمان دەڵێت ( (ئەوانەی ئاگریان كردەوە هەموویان كوژران) ) كە گەڕامەوە بینیم لەسەر سووچی هەموو شەقامێكی شارەكەمدا وێنەیەكی منو چەند كۆپلە شیعرێكم بڵاوكراوەتەوە بەلایەوە سێ دێڕ نوسرابوو، لەبەر حەشاماتو قەرەباڵغییەكە نەمتوانی بزانم چی نووسراوە، قاوغی موشەكە شكاو دەباری سەمموونی ڕەق دەباری، كچی حەوت ساڵان دەباری، پیرەژن دەبارین هێشتا پەلكەی قژیان نەكردبۆوە كوڕی گەنجی ناوچەوان شەق كراو دەباری، باڵی پڕ بازنی كچێ، سورمەو گوارەی هەناری، پارچە ئاوێنەی لاقرتاوو سوخمەی كۆنو دڕاوو ئاوەڵكراسی ژنانە بە ئاسماندا كەمێك دەفڕین دواتر بەناچاری دەبارینە سەر لمەكەی بەر ماڵی ئێمە، دوای بانگی نیوەڕۆ كڵاووجامانەو كەلاكی بزنو جوجكو كۆترەكانیشیان دەستیان بە بارین كرد، لای عەسر دۆلابە كۆنو سندووقی جلوبەرگی نەكراوە دەهاتنە خوارەوە، كەللە سەری یەكێك لەو خەڵكە باریوەم بردەوە، وتم دایكە ( (ئەمە باوكم نییە) ) وتی ( (نەخێر، بەڵام داینێ دەیكەین بە چێشت) ) بەرماڵێكی زۆر باری هی ئەوان بوو لەگەڵ خۆیاندا بۆ بیابانیان بردبوو تا رووەومەكە نوێژ بكەن بەبێ من نانیی ئێوارەیان دەخوارد دایكمو كچەكەی خۆشمەویست ژمارەیەكی زۆر نامەیان بردبووە ژوورەوە، دەمبینی قاقا پێدەكەنینو دەیانخوێندنەوە، جارجار دایكم هەڵدستا ماچێكی دەكرد سەعاتێك دەمی دەخستە دەمیەوە، دەستی بۆ ژێر كراسەكەی دەبرد تێدا دەیگێڕا، زۆر لەوانەی دەبارین لە نزیك پەنجەرەی ژووری نووستنەكەمانەوە دەیاندا بە زەویدا، شەوێكی سوور داهاتبوو، ئێمە تەماشای ئەوانمان دەكرد كاتێ دەبارین، لە پشتی پەنجەرەكەوە دیاربوون هەیانبوو رووتو قووت بوون زۆرجار كونێكی فیشەك لەسەریاندا بوو، چەند كونێكی گەورە لە سكیاندا، زۆریان بێسەر بوون هەیانبوو بە جامانەكەی خنكێرابوو، چاویان هەڵكۆڵرابوو، هەیانبوو سێ گوللەی پێوەبوو، یان لایەكی دەموچاویان نەمابوو، سەرلووت، گوێچكە، گونی درهاتوو نامەی داخراوو مراخانیو ستارخانی دەبارین، كچەكە وتی ( (وەرە بچینە ئەو دیوو بگەوزێین) ) وتم ( (نایەم) ) نەشم دەوێرا بچمە دەرەوە پەنجەیەك بەسەر قژە ئاڵۆزكاوییەكانیاندا بهێنم، وێنە هەبوو جامانەی قوتیان بەسەرەوە بوو، كوڵمیان ساردو چاوەكانیان پڕی وردەلم بوو، نەمدەزانی ئەو وردە لمە سوورەیان لە كام بیابانەوە هێنابوو، ئەو هەر بانگی دەكرد ( (وەرە بچینە ئەو دیو. . .) ) من هەر دەگەڕام بۆ وێنەی باوكم، كاتێك تفەنگەكەی پاك كردۆتەوە، هێشتا موی لێ نەهاتووە سواری ئەسپێكی ماشو برنجی بووە، وێنەیەكی كاتێك لە تونێلەكەی دەربەندیخاندا بەردی چیاكە دەشكێنێ لە كەناری دەریاكە بووم بوخچەیەكی بچووك باری پێم سەیر بوو بینم هەمووی پارچە كاغەزەو شیعرێكی زۆری لەسەر نووسراوە، لە یەكێك لە كاغەزەكان نووسرابوو ئەگەر باوكم بەمانە بزانێ سەرم دەبڕێ، لای سپێدە بینیم دایكمو كچەكە لە ژوورەكەی ئەودیوو بە رووتی نووستبوون هێشتا بێدار نەبوو بوونەوە پێم وتن ( (هەستن هێشتا ئاسمان لێمان توڕەیە) ) ناوقەدی عەموودەكانیان بڕیبۆوە، تا نەگیشتینە بەردەرگەی ماڵەوە كەسمان نەمانزانی لەناو قەرەباڵغی مزگەوتەكەدا كلیلەكانمان لێ بزر بووە، لەناو مزگەوتەكەدا كلیلەكانم فڕێدا، كاتێك پیاوێكی چاوشین پێی وتم ( (رۆڵە كلیلت بۆ چییە؟ هیچ دیوارێك بە پێوەنەماوە) ) ، شەوەكەی ئەوان گۆشتی لاڕانی ئەو ژنە چل ساڵانەیان دەخوارد كە پاش نیوەڕۆ باری بوو، بەبێ ئەوەی دەستیان بشۆن دەست بازیكردنیان دەست پێكردەوەو بە دزییەوە چاوم لێیان بوو ختوكەی یەكدیان دەدا، كە چوومە ژوورەوە ئەوان لە یەكدی دووركەوتنەوە وتم دایكە ( (هەر دەباریێ) ) وتی ( (حەزت لە گۆشتە) ) ئەومان جێهێشت، چووینە ژوورەكەی پشتەوە، زۆری نەبرد پشیلەیەكی تۆپیوی هەڵدایە ژوورەوە، دواتر دەرپێیەكی خوێناوی، تەنەكەی بەتاڵ، مشكی تۆپیوو، من بۆی چوومە دەرەوە، تەنیا سەرپۆشە سپییەكەیم بینی چووم ببینم دانیشتبوو، وتم ( (بۆ وادەكەی) ) دەلەرزیمو چاوم لە بنمیچی گومەزەكەوە بوو، تەپوتۆزو خشتو پارچە ئاڵتوون دابارین، منو كچەكە مەلەمان دەكرد كاتێك لەناكاو دەریاكە قوڕاوی بوو، لەژێر سێبەری دارە پەمەییەكە دانیشتبووین كاتێك دایكم مەنجەڵێ یاپراخی هێنا، زۆرمان خوارد دواجار بینیمان لە بنی مەنجەڵەكەدا مشكی تۆپیوی تێیدایە، رایكرد، پێدەكەنی، ئێوارە دەستیان لە قژی یەكدی نایەوە قاچێكی دایكمی گرتبوو بەناو لمەكەدا دەیهێناو دەیبرد، قاچێكی لەسەر قاچی راستی دانابوو قاچی چەپیشی بەرزكردەوە، ئەو هەستایەوە بۆی خستییە ناو دەریاكەوە، كاتێ هێنایەوە دەرێ ماسییەك گازی لەمەمكی گرتبوو دایكم دەیكێشا بەناو گەڵێدا چەپك چەپك قژی دەرەهێنا، تا كەچەڵی كرد، پانتۆڵو كراسەكەی لەبەردا دڕاند، تا من بەوان گەیشتم بەدان گۆشتی لێكردبۆوە، خەڵكیش بەلێشاو دەبارین

ئەو ڕۆژەبوو لەناكاو زیلە سەربازییەكانیش بارین، وازو فارگۆنی شەمەندەفەرێكی درێژیش باری، دوایی زانیمان پڕی ئافرەتو كچ بوو، هیچیان جلیان لەبەردا نەبوو، هەندێكیان ئەسمەر بوون ززداشەیان لەبەردابوو، ئەوكاتەی ئاگرەكە خامۆش كرا، ئیدی كەس كەسی نەدەناسییەوە، مزگەوتەكە كەسێكی دیكەی نەدەگرت كاتێ بومەلەرزەكە هات، چیدی ئاسمان جێگەی ئەو گوناهانەشی تێیدا نەدەبۆوە كە لە نیوەڕۆ و عەسرێكی درەنگی هەوردا دەكراو كرابوو، ئەو تەرمانەی كە دەبارین نهێنییەكی شەرمنیان دەدركاند، هەر چۆن بوو چووینە ژووری نووستنەوە، دوایی زانیمان هێشتا باران لێمان دەدا دایكم بوخچەیەكی لەسەر قەنەپە تەرەكە دانا، مەلۆتكەی مندالێك بوو، وتم ( (ئەوە چییە، ئەو مندالە كێیە) ) وتی ( (ئەوە تۆی) ) وتم ( (نەخێر ئەوە مندالی ئەو ژنە سك پڕە بوو كە دوێنێ نیوەڕۆ باری) ) پشیلەكە هەلی كوتایە سەرمان هێشتا چراكەم دانەگیرساندبوو پشیلەكە جلوبەرگی بەلەشی مندالەكەوە نەهێشت دووجار كۆرپەكەیان بەدەستی دایكمەوە فڕاند بەردێكی زلم كێشا بە پشیلەكەدا چووم هاوارم كرد، گەڕامەوە پشیلەكە قاچێكی كۆرپەكەی خواردبوو هەلمەتی هێنایەوە قاچێكی دیكەشی خوارد زۆری نەبرد مرخاندی قاچێكی دیكەی مندالە ساواكەی خوارد كە ئەمجارەیان خۆی كرد بەژوورا دایكم پاشماوەی مندالەكەی بۆ فڕێدا، ئەویش بەدانی بردیو ڕۆیشت، دایكم وتی ( (عافیێتی بێ، با ئەمیش لەناو میهرەبانی خوادا ئاسوودە بێ) ) ، ئای چەندێ بێ ئومێد بووین ئەو شەوەی مجەورەكە دەرگای لێنەكردینەوە ڕۆژانێكی دوور لەو ڕۆژانەی پشتم بە دیوارە تەرەكەوە نرابوو منو سێ هاوڕێم لەبەر دەرگای مزگەوتێك، پاش نیوەشەوانێك دەماندی مجەورەكە چای دەخواردەوەو سەیری تەلەفزیۆنی دەكرد، هاوارمان لێكرد، دەرگای مالی خوامان لێبكەوە كوڕە دەمانكوژن، ئەو خۆی گێل دەكرد، خۆمان نیشان دەدا چەكەكانمان بۆ بەرزدەكردەوە دەستمان بۆ كلاوجامانەكانمان دەبرد دەمانوت ( (        ) ) نیین، گەیشتنە سەرمان دیسان ئاگرەكان خامۆش كرانەوە، بە یەكێك لە تفەنگ بەدەستەكانم وت ( (بۆ نامكوژن) ) ، وتی ( (پەلەتە) ) پێم وتن ( (چما هەمووومان شۆڕشگێڕ نین) ) وتیان ( (ئێمە شۆڕشگێڕ نین) ) ، سالانێكی زۆر دوورتر لەو نیوەڕۆ تەڕەوە بینیم چەكوشەكەیان كلكەكەی شكابوو داسەكەیان كول ببوو، هەڤالانی خۆیان لە پەنای دیوارەكاندا ریزكردبوو، ڕۆژانی هەینی لەسەفی یەكەمی نوێژكەراندا بوون، دەرگای مالەكان كرانەوە لە هەموویانەوە دایكمو كچەكەی باسمكرد، دەهاتنە دەرەوە، بارانێكی خوڕ دەباری كە دەنگی هاوەنەكان هەموومانی تۆقاند، پاش سالانێكی زۆر لە خەباتی پارتیزانیو ئازارو ئەشكەنجەی ناو زیندانەكان، باوكم دانیشتبوو ژمارەی ئەو هاوەنانەی دەژمارد كە بەیەكیانەوە دەنا، جۆری ئەو چەكانەی دەوت كە تەقەیان پێدەكرد، ئەو بە شارەزایی خۆی دەیزانی لە كوێوە دەتەقێنرێن و لەكام بینای شارەكەی داوە وتم ( (باوكە پەشیمانی) ) ئەو دەنگی فیشەكەكانی جیا دەكردەوە، تەرمێكیان بە پشتی جیبێكی سەربازییەوە بەستبۆوە تا بانگی شێوان بە شەقامو گەڕەكی شارەكەدا رایان دەكێشا، ئەو كات تەنیا پارچەیەك لە قاچی تەرمەكە بە پشتی جێبەكەوە مابوو، من بیری تەقاندنی تۆپی ڕۆژوو شكاندنم دەكەوتەوە هەر كە ڕەمەزان دەهات دەبووایە هەر هەموومان بە ڕۆژو بووینایە نەدەبوو لە دوای پاشێوەوە ئیدی ئاگر بكرێتەوە، ناچار لە مالی خۆمان هاتینە دەرەوە دایكم جلو بەرگ و مەلۆتكەی مندالەكەشی فڕێدا، هاتینەدەرەوە، هێشتا هەر كوڕو كچی گەنجو پیاوو ئافرەتی جوانو پیرو نامەی نەكراوە دەبارین.

لە ڕێگا بە مام خەلیفە گەیشتین وتم ( (ئەو هەموو خەلكە لە ئاسماندا چۆن جێگەیان بۆتەوە) ) وتی ( (نازانم) ) ، دواجار هەستم كرد كچەكەمان لەگەلدا نەماوە وتم ( (دایكە كوا خۆشەویستەكەم) ) وتی ( (بابڕۆین چاوەڕێمان دەكات) ) ، بەلای گۆڕەپانە ساردەكەدا ڕۆیشتین هێشتا تەرمەكان لە قەنارەكان نەكرابوونەوە لەو بەیانییەدا سەمایەكی خاویان دەكرد ئەو هێشتا دەیوت ( (بریا خۆم تەسلیم نەكردایە) ) كەس باوەڕی بە ئێمە نەدەكرد كاتێك گەیشتیینە ناوەڕاستی گۆڕەپانەكە، ئەوسا زانیم قەنارەكان بۆكێ هەلواسرابوون؟

من وتمەوە ( (دایكە كوا كچەكە) )

ئەو هەر دەیووت ( (چوزانم) )

ئاداری ١٩٩٩

هەولێر

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.